# حةمةنامة (5) ... سامان عةبدولَلآ يونس

بەریتانیا

پێم وایە نووسین بەرلەوەی کایەیەکی مەعریفی بێت، مەسەلەیەکی ئەخلاقیە، بۆیە زۆر گرنگە نوسەر بەو زمانە بنوسێت و بئاخڤێت، کە بتوانێ بە دوانەی مەعریفەو ئەخلاق پڕۆژەی نووسینی خۆی بنیات بنێت، بەداخەوە لەنێوەندی ڕووناکبیری ئێمەدا زیاتر زمانی باوک سالاری یان دروستر بلێم زمانی پیاو سالاری هەمیشە وەکوو [ منی بالا ] لەدیالۆگ لەگەل ئەوانی دیکەدا بەدەردەکەوێ، زمانێک کەهەمیشە لە حەوشەکەی خۆیەوە فرمانی دلڕەقانەی خۆی وەکوو باوکێکی ڕۆژهەلاتی بەسەر ژن و نەوە سەرپێنەوی کراوەکانی خۆیدا دووبارە دەکاتەوە، مەرج نی‌یە هەرچی ڕۆشنبیرە هەمان کێشەو پەیوەندی ئالۆز و دژواری لەگەل دەسەلاتدا هەبێت، چونکە زۆر جار هەموو ڕۆشنبیرێک ناتوانێ نەکەوێتە تۆڕی داوی دەسەلاتەوە، هەموو ڕۆشنبیرێک ناتوانێ لەبەرژەوەندیە تایبەتیەکانی خۆی یاخی ببێ و مەراییە ڕووکەشەکانی دەسەلات فریوی نەدەن، چونکە بۆ ئەم فریودانە دەسەلات ئامادەی هەموو جۆرە سازشێکە لەگەلیدا، ئەو هەلپەرستیەی کە وەکوو وردە بۆرژوازیکیش لەناخی ڕۆشنبیران دایە ئامادەی ئەم زەمینە سازیەیە و ختۆکەی [ منی بالای ] ڕۆشنبیران دەدات بۆ سازش و کەوی بوون و سازان لەگەل مەرجە زۆر و زەوەند و قورسەکانی دەسەلاتدا، ئەمەش وا دەکات ڕۆشنبیران نەک هەر پاشکۆی دەسەلاتبن، بەلکو خۆیان زۆر جار لەچەشنی دەسەلات خۆیان پیشان بدەن و بەزمانی فەرمان و خۆسەپاندن و هەولدان بۆ مل پێکەچ کردنی هاوپیشەکانی خۆیان کتومت وەک ئەوەی دەسەلات کردویەتی و دەیکات دووبارەی بکەنەوە، لێرەشەوە ئەو جۆرە ڕۆشنبیرانە هەول دەدەن پیرۆزی و مەزنایەتی خۆیان بەسەر ئەوانی دیکەدا بسەپێن و لە پۆلێنکردنێکی وەهمی و نارەوادا خۆیان لە هەرە سەرەوەی ئەو هەرەمە دابنێن کە بەمیزاجی قەلەمە کەوی و میزاجیەکانیان دروستیان کردووە، هەربۆ بەرگری و شاردنەوەی ئەو ئەو ڕاستیانەشە هێرشی نارەوا دەکەنە سەر هاوکارەکانی خۆیان و خۆیان لەو پۆلێن کردنە بە ڕێبەری نوخبە و ئەوانی دیکەش بە عەوام لەقەلەم دەدەن، وەکوو ئەوەی هێژا حەمە سەعید حەسەن دەیکات و خۆی بەو ڕێبەرە پیرۆزە دەناسێنێ و ئەوانی دیکەش بەعەوام و قەلەموەشێن.

کاکە حەمە لەبەشی هەشتەمی [ سەرکۆمارنامە ] دا دەنوسێ [هەندێک لەوانەی لە کوردستان چەقووەشێن بوون، لە هەندەران قەلەموەشێنن، جیاوازی لە نێوان ڕۆشنبیر و قەلەموەشێن ئەوەیە، ئەمیان بەگژ دەسەلاتدا دەچێتەوە و ئەویان بەگژ ڕۆشنبیردا ] جارێ پیشەکی دەبێ خەلک یان دروست بلێم خوێنەران دەبێ ئەو حوکمە بدەن کێ ڕۆشنبیرەو کێ قەلەموەشێن، ئەگەر باوەڕ بەم پۆلێنکردنەی تۆ بهێنن، ئەگەر چی بۆمن ڕۆشن نی‌یە تۆ مەبەستت کێیە کەلە کوردستان چەقووەشێن بووە و لە هەندەران ئێستا قەلەموەشێنن، چونکە بە کۆ قسەت کردووە، بەلام من سەبارەت بەخۆم زۆر بەسەر بەرزیەوە دەتوانم بەرپەرچت بدەمەوە و پێت بلێم من نەک هەر باوەڕم بە چەقووەشاندن بەلکو بەقەلەم وەشاندنییش نی‌یە، بەهەردوو ماناکانی قەلەموەشاندنەوە، ئەمە لە لایەک و لەلایەکی تریشەوە ئەگەر قەلەموەشێن بە پێی ئەو ئەو ئەرکانە بێت کە خۆت دەستنیشانت کردوون وپێت وایە [ ڕۆشنبیر بەگژ دەسەلاتداو قەلەموەشێنیش بەگژ ڕۆشنبیردا دەچێتەوە ] من بەشبەحالی خۆم هەرگیز بەگژ ڕۆشنبیردا

ناچمەوە، بەڵکوو ڕەخنە لە بۆچوون و هەڵوێست و نوسینەکانی دەگرم، لای من نووسین بەر لەوەی مەسەلەیەکی مەعریفی بێت مەسەلەیەکی ئاکاری و ڕەووشتی‌یە هەرووەکوو لە سەرەتای ئەم نووسینەمدا ئاماژەم پێکرووە، سەرەڕای هەموو ئەوانەش ئەوەندەی تۆ بەگژ ڕۆشنبیراندا چویتەوە، ئەوەندەی تۆ بەناڕەوا پەلاماری ڕۆشنبیرانت داوە، لە مێژووی ڕۆشنبیری کوردیدا هەتا نهۆ کەس ناتوانێت ڕکابەرت بێت لەم بوارەدا، ئەگەر بەپێی گووتەکانی خۆت بێت بمبەخشە کە پێت بڵێم ئەگەر قەڵەموەشێن بەو پێناسەو لێکدانەوانەی تۆ سەیر بکەین، بەڕێزتان نەک هەر قەڵەموەشێنن بگرە ڕێبەری بی ڕکابەری ئەو بوارە دەبیت و، کەسیش ناتوانێ ڕەخنەی ئەوەی هەبێ کەبۆچی تۆ هەمیشە بەسکتێری گشتی قەڵەموەشێنەکان دەمێنیتەوە، وەک ئەو ڕەخنەیەی کە تۆ ئێستا لە تاڵەبانیت هەیە، کە دلنیام هەمان ڕەخنەشت لە بارزانی هەیە بەڵام جەسارەت ناکەی بێڵێی چونکە تۆ دەتەوێت کوڕی تاقانەی بەشێکی دەسەڵاتی کوردی بیت و [ حەمەدۆک ] بەسەر بەشەکەی دیکە و توندیش دەست بەخەڵاتەکەتەوە بگریت. ئەوە گوناهی ئەو ڕێبەرانە نی‌یە کە هەواداران و ئەندامانیان هەڵبژاردنەوەیان ئەوەندە بەگرنگ دەزانن، ڕازی نین بیانخەنە دەنگدانەوە، وەک ئەوەی لە کۆنگرەکانی پارتی و یەکێتی‌ی دا ڕوو دەدات، ئاخر بارزانی و تاڵەبانی کە لەسەر ئاستی هەموو کوردستان و عێراقیش کەس نەتوانێ ڕکابەریان بکات، چۆن لەناوپارتەکانی خۆیاندا لم قۆناغە ناسک و چارەنوسازەدا پەراوێز بکرێن، چەند خۆشە هەرکەسێک لەبوارەکەی خۆیدا بنوسێت و رای خۆی دەرببڕی. بۆ ئەوەی نوسینەکانمان، نەبن بەتۆزی بەرباد و بەبڵقی سەر ئاو.

slemanyues@yahoo. co. uk